Kurdish Writers Council

nuseran.kwc@gmail.com

کۆمەڵەی نووسەرانی کورد

جمعية الكتاب الكورد

## بۆ رای گشتی

## دەستپێشخەرییەکەی پەرلەمانی ئەورووپا چارەسەری کامپی ئەشرەف دەکات

## نەك هاریکاریکردن لەگەڵ رژێمی ئێران!

لە کاتێکدا بەهۆی پشتگیریکردنی لە تیرۆر و دەست وەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان، حکومەتی ئێران هەر دێت و زیاتر لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە سزا دەدرێت،

لە کاتێکدا گەلی ستەملێکراوی ئێران خۆیان ئامادە دەکەن بۆ راماڵینی یەکجارەکیی دیکتاتۆریی مەلاکان لە ئێران،

لەکاتێکدا سەرکوتکردنی پەنابەرانی ئێرانی لە عێراق لە سەر دەستی حکومەتی ناوەندیی عێراق و لەسەر داواکاریی حکومەتی داپڵۆسێنەری ئێران بەردەوامە و رۆژ نیە هەواڵی دڵتەزێن و ئەگەری کارەساتێکی نوێ لەم کامپە دەروونی مرۆڤی خێرخواز لێرەو و لەوێ نەهەژەنێت،

لە کاتێکدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیشتۆتە ئەو کۆدەنگییە کە دەبێ پشتگیری بکرێت لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران وەك تاکە رێ بۆ چارەسەرکردنی پرسی ئێران،

لە کاتێکدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرقاڵی بەدواداچوون و تاوتوێکردنی دەستپێشخەرییەکەی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپایە بۆ چارەسەرکردنی هەتاهەتایی پرسی دانیشتووانی ئەشرەف،

بە لامانەوە زۆر سەیر بوو کە وەزیری دەرەوەی عێراق لە کۆنفەرانسێکی رۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی حکومەتی ئێران لە تاران، پێشنیاریکردووە لێژنەیەکی تایبەت پێکبێت بە بەشداریی نوێنەرانی حکومەتی ئێران و حکومەتی عێراق و نوێنەرانی رێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی.

ئەوەی زۆر بە زەقی تیایدا بەدیدەکرێت ئەوەیە کە پێشنیارەکە هەڵقوڵاوی خواست و ویستی حکومەتی ئێرانە و لەگەڵ هیچ پێوەرێکی مرۆیی و یاساییدا ناگونجێت کە حکومەتی ئێران ئەندامی لێژنەکە بێت. چون ئەوەی روونە حکومەتی ئێران بەشێکە لە کێشەکە نەك چارەسەر! بە تایبەتی کە لەم ساڵانەی رابردوودا، هەردوو حکومەت دەستیان سوورە بە کوژرانی دەیان دانیشتووانی ئەم کامپە و بریندارکردنی سەدان کەسیتریان!

هەربۆیە:

١. ئەو لێژنە و پێشنیارەی وەزیری دەرەوەی عێراق بە هەنگاوێکی نەشیاو، نایاسایی و نابەجێ دەزانین و سەرکۆنەی دەکەین. چون ئەم پەنابەرانە میوانی گەلی عێراقن.

٢. دەستپێشخەرییەکەی پەرلەمانی ئەورووپا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کامپی پەنابەرانی ئەشرەف بە باشترین و گونجاوترین رێگاچارە دەزانین و هیوامان هاوکاریکردنی حکومەتی عێراقە لەم پەیوەندییەدا.

کۆمەڵەی نووسەرانی کورد

٤ی پوشپەڕی ٢٧١١ی کوردی

٢٥ی حوزێرانی ٢٠١١ی زایینی